مەسعود بارزانی رێگریکردن لە جوتیارانی کورد بۆ چوونە سەر زەوییەکانیان بە رەفتارێکی شۆڤینی و بێویژدانانە ناودەبات



مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، رێگریکردن لە جوتیارانی کورد بۆ چوونە سەر زەوییەکانیان و ئازاردانیان بە رەفتارێکی شۆڤینی و بێویژدانانە ناودەبات.

بارزانی لە راگەیەندراوێکدا دەڵێت "دیمەنی ئازاردانی جوتیارێکی کورد و ڕەفتاری نابەجێی ڕێگریکردن لە جوتیاران کە بچنەوە سەر زەوییەکانیان، دیمەنی ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدی [illegible]کانی گەلەکەمان لە سەدەی پێشوو بەبیر دەهێنێتەوە".

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو رەفتارە بە رەفتارێکی شۆڤینی و بێویژدانانە ناودەبات و دەڵێت "ئەمە تاوانە لەدژی جووتیارە بێتاوانەکانی کورد لە پارێزگای کەرکوك دەکرێت، کە تەنیا تاوانیان ئەوەیە کوردن و خاوەنی رەسەنی زەوییەکانیانن".

مەسعود بارزانی داوا لە سەرۆکوەزیرانی عێراق دەکات، رێگری لە دووبارەبوونەوەی ئەو ستەمە بکرێت و ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە دەستگیر بکرێن و سزا یاسایی خۆیان وەربگرن.

م□سعود بارزانی گوتی، "با ئ□و جوتیاران□ باش بزانن، ئ□وان ت□نیا و ب□ پشت و پ□نا نین و ب□ ه□موو ه□ز□ك پشتیوانی ل□ خ□□اگری و ماف و داواكانیان د□ك□ن."